# بەشداری تیۆری وەرگر لە پەرەپێدانی شێوازەکانی وەرگێڕاندا

و: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

سەرەتای تیۆری وەرگر بۆ ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە، ئەڵمانیا وەک سەرچاوەی ئەسڵی ئەو ڕێبازە ئەدەبییە دێتە ژماردن. ئەو وڵاتە لەو دوو دەیەی دواییدا بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی ئەدەبی دوو ڕێبازی پێناساندین، ئەو دوو ڕێبازەش پشت بە (خوێنەر–وەرگر) دەبەستێت، کە لە پێکهێنانی پرۆسەی پێکگەیاندن ڕەگەزێکی سەرەکییە.

ڕێبازی یەکەم خۆی لە کۆمەڵەی (نۆرمان) لە بەرلین هەڵدەگرێتەوە، ئەو کۆمەڵەیە گرنگی بە چارەسەری دەقی ئەدەبی دەدات و پشت بە ئاراستە مارکسیەکەوە دەبەستێت، پێیانوایە کە دەق و خوێنەرو خوێندنەوە هۆی بەرهەمهێنانی ئەدەبی بن. ئەو کۆمەڵەیە لە سەر ئاستی ئەو چینەی کە خوێنەر پێیەوە کاریگەرە یان بۆی دەگەڕێتەوە مامەڵە دەکات. دەق لە دیدی ئەواندا لە ڕەنگدانەوەی کاریگەرییەکانی واقیع بە سەر نووسەردا لە دایک دەبێت.

بەڵام ڕێبازی دووەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بە قوتابخانەی (کۆنستانس) ناو دەبرێت، چالاکی ئەو کۆمەڵەیەی نێو کۆنستانس گرنگی بە ئیستێتیکای وەرگر و ڕەخنەی وەڵامدەرەوەی خوێنەر دەدەن و هەر یەك لە (هانس ڕۆبەرت یاوس) و (لفیگانگ ئایزەر) لە ناسراوەکانی ئەو ڕێبازەن، و لە ڕێگەی وتارە بڵاوکراوەکانیانەوە هەوڵیانداوە پرێسیپ و بیروباوەڕی خۆیان بناسێنن.

وەك دیارە بارودۆخی زانستی و مێژوویی کە لە قۆناغی شەستەکان زانکۆی ئەڵمانی گوزەری پێدا کردووە بۆتە هۆی دەرکەوتنی بزاڤی قوتابیان، واتە ئەوەی کە بە نەوەی دوای جەنگی دژ بە نازییەت دەناسرێت، دەمەتەقێکانیان لە بارەی قەیرانی ئەدەبیەوە بووە، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی گرنگیەکی زۆر بە خوێنەر و خوێندنەوە بدەن.

لە ڕاستیدا هەر یەك لە تیۆری وەرگر و ڕەخنەی وەڵامدەرەوەی خوێنەر لە کردنەوەی ئاسۆکانی لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکان و پەرەپێدانە ئەدەبیە نوێیەکاندا بەشدارییان کردووە، ڕەخنەی وەڵامدەرەوەی خوێنەر خاڵی گۆڕانکاری بووە لە تیۆری ئەدەبیدا. لێرەوە گرنگی ئەو تیۆرە لە ڕووداوە گەورەکانی گۆڕانی ئاسۆی لێکۆڵینەوەکانی دەق دەردەکەوێت، ئیتر چیدی دەق وەك قەوارەیەکی سەربەخۆی دەرەوەی خوێنەر سەیر ناکرێت، بەڵکو لە ڕێگەی خوێنەرەوە بوونی خۆی کۆ دەکاتەوەو جێگیری دەکات.

ئەو کۆڵەکەیەی تیۆری ناوبراو پشتی پێدەبەستێت وەك بنەڕەتێك خۆی لەو پرینسیپانەدا هەڵدەگرێتەوە کە دەیخەینە ڕوو: ئاسۆی چاوەڕوانی، دەستنیشانی ئەو ڕێگەیە دەکات کە خوێنەر پێیدا دەچێتە نێو دەق لە پێناو ئەوەش مانایەك دروستدەکات کە نزیك بێت لەو مانایەی خاوەنەکەی مەبەستێتی، وەك دەشێ بە هۆی ململانێی ئاسۆکانەوە لە خاوەنەکەی (واتە دانەر) دوور بکەوێتەوە و لە ڕووی ماناوە دیدو بۆچوونی جیا بخاتە ڕوو، ئەو مەسەلەیەش فیکرەی لادانی ئیستێتیکی لێدەکەوێتەوە، لادانێك کە دەکەوێتە دەرەوەی باو، هەروەها تایبەتمەندییەك بە بەکارهێنانی زمانەوانی دەستەواژەو زاراوەو پێکهاتەو ماناکان دەبەخشێت ، ئەو لادانە دەبێتە جیکەوتەیەکی ئیستێتیکیانەی تایبەت بەو مانایەی کە تەجاوزی پێوانە دیار و سنوودارەکانی پێشووی کردووە، ئەوەش بۆخۆی میکانیزمی بەرهەمهێنانی جوانکارانەیە و بۆ ئامانجی جوانکارانەی وەرگر دەگەڕێتەوە، لەوێشەوە ڕەوانبێژی نووسەر لای خوێنەر دەبێتە ئەو شتە نەستەقەی کە پێی ڕانەهاتووە، یان وای پێشبینی نەکردووە، ئەو نەستەقە لە ناوەوەی خوێنەر لادانێکە لە جوانی، جێکەوتەیەك دەنوێنێت و دەیخاتە بەرامبەر پرسیارێکی حەتمی کە دەبێ وەڵامی بداتەوە، هەروەها بۆ بەدواگەڕانی مانا دەیخاتە نێو گفتوگۆیەکی بەردەوام

لەگەڵ دەق، ئەو گفتوگۆیەش گفتوگۆیەکی دەمەتەقێنامێزی نێوان "گوتراو و وسبەلێکراوە" وەك ئەوەی کە خوێنەر هەوڵبدات ئەو "وسبەلێکراوە" بخاتە روو، هەروەها دووبارە تەئویلی "گوتراو" لە شێوەی پەرچەکردارێك بکاتەوە کە لە بەرامبەر دەق ورژێنراوە، ئەوەش جەختکردنە لە سەر جێکەوتەی جوانکارییەك کە لە رێگەی کاریگەری پرۆسەی خوێندنەوەوە دێتە بەرهەم، تەعبیرکردنە لە تێکەڵبوونی ئاسۆی دەق و ئاسۆی خوێنەر.

لە راستیدا خوێنەری کارا دەبێ هەڵگری مەعریفەیەکی زمانەوانی و ئەزموونێکی قوڵ بێت، بەو مانایەش تێگەیشتن هەر تەنها بە بریاردان نایەتە دی، بەڵکو بەردەوام پێویستی بە بوونی کارلێکەری هونەری جوانکارانەی خوێنەرەوەیە، کە وا لە دەق دەکات تاکە مەودایەك بێت لە پێناو بەدواداچوون و هەڵکۆڵین وەك ئەوەی تیشکۆیەك بێت رۆبچێتە قوڵاییەکانییەوە.

لێرەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە پەیوەندی نێوان (وەرگێڕ) بە (وەرگر)ەوە وەك ئەوەیە کە هەر یەك لە خاڵێکی بنەڕەتی بەشداری لەگەڵ ئەویدیکەدا بکات: وەرگێر بەو وەسفەی کە خوێنەری دەقێکی دیاریکراوە بۆ خۆی نێرەری دەقێکی نوێشە کە دەشێ لە لایەنی وەرگرێکی دیکەوە پێشوازی لێبکرێت، ئەو پرۆسەیەش بە (وەرگری وەرگێڕخوان) ناو دەبرێت، کە دەق لە زمانی ئەسڵییەوە بۆ زمانێکی دیکە لە رێگەی پرۆسەیەکی عەقڵی دەگوازێتەوە، ئەوەش هەڵبەتە وەرگێڕ پێی هەڵدەسێت و لە پرۆسیسەکردنی ئەو پرۆسەیەو جێبەجێکردنی ئەو گواستنەوەیەدا پشت بە رۆشنبیریی و مەعریفەکانی خۆی دەبەستێت. هەروەها بە پێی ئەو گواستنەوەیەی کە بە رێگەیەکی پتەو بەرهەمی هێناوە وا لە خوێنەرە نوێیەکەی دەکات کە هۆگرییەك لەگەڵ دەقە وەرگێڕدراوەکە دروست بکات، هەر وەك وا لە دەقە ئەسڵییەکەش دەکات کە بەرەو دەقێکی دیکەو لە ناوکۆیی و کراسێکی دیکەدا بژیت کە لەگەڵ خوینەرە نوێیەکەیدا گونجاو بێتەوە و لەگەڵ رۆشنبیرییەکەیدا بگوزەرێت.

لێرەدا دەبێ ئەوە بیر بخەینەوە کە پێویستە لە رێگەی کۆمەڵێك مەرجی بابەتگەراییەوە رێزی وەرگێڕان بگرین وەك دەستپاکی، وردبینی لە گواستنەوەدا، ئەوەش بەو مانایە نییە کە وەرگێڕان بە تەواوی ملکەچی دەقی ئەسڵی بێت، بەڵکو دەبێ پارێزگاری لە هەندێ ئاماژەی بێگانەئامێز بکات، ئەوەی کە (ئۆستین) بە زاراوە راپۆرتکارییەکان ناوی دەنێت: ئەو زاراوانە دەکەونە سەر واقیع و کۆمەڵێك راستی دیاری دەکەن کە نابنە بابەتێك بۆ جیاوازی لە نێو خەڵکیدا.

مەبەست لەو قسەیە ئەوەیە کە دەق پارێزگاری لە هەندێك خەسڵەتی ئەسڵی خۆی دەکات، ئەو ئەسڵەش یارمەتی ئەوەمان دەدات کە رۆشنبیریی دەق ئەسڵی و مەودای کاریگەریی نووسینەکانی ئەو رۆشنبیرییە لە سەر وەرگێڕ بناسین.

وەرگێڕی خوێنەر بە چەند قۆناغێك بە دژی وەرگێڕانەکەیدا دەڕوا، ئەو خوێنەری دەقە ئەسڵییەکەیە و بە وەرگێڕانی هەڵدەسێت، بۆ ئەوەی بەو رۆڵەی خۆی بێتە نووسەری دووەم ئەوەش لە رێگەی ئەو وێنەیەی خوارەوە دەردەکەوێت:

**(نێرەر، نووسەری ئەسڵی)**_______________**(نامەی یەکەم، دەقی ئەسڵی)**_________**(خوێنەری یەکەم،** ئەوەی کە لە هونەری زمانی ئەسڵی شارەزایە)___________**(وەرگێڕ)**_________**(نامەی دووەم، ئامانج** دەقە)____________**(ئەوەی بۆی دەنێری "خوێنەری دووەم")**

لەوەی پێشوو دەرکەوت لە یەکەمجاردا بابەتی گەیشتنی دەقی وەرگێڕدراو، ئاستی وەرگر دیاری ناکات، زانراویش ئەوەیە کە وەرگری رەخنەگر لەگەڵ خوێنەری ئاسایی جیا دەکەوێتەوە. پرۆسەی وەرگر لای یەکەم لەگەڵ جۆرێك لە بۆیەکردن و چاککاری و کۆمەڵێك سەرنج کە هەندێ جار پۆزەتیف و هەندێجار نێگەتیف دەکەوێتەوە بەڕێوە دەچێت، بەڵام خوێنەری ئاسایی لە بارێکی تایبەتی نەستدا لەگەڵ شیکردنەوەکانی دەق تێکەڵ دەبێت و لە ناوەوە دەردەکەوێت و هیچ شتێك لە پێش خۆی نابینێت جگە لە دەق نەبێت. خوێندنەوەی ئەو خوێنەرە وەك ئەوەی هەڵگری جوانییە ناکەوێتە سەر چێژی وەرگرتن، بەڵکو ئەو بە خەیاڵ و بیرکردنەوەی

خۆی بۆ دوورترین خاڵ دەڕوات، تاکو لەوێدا بە مانا کەسییەکانی خۆی بگات, کە ڕەنگە لەگەڵ مانای یەکەمی نووسەر گونجاو بێتەوە یان دژ بکەوێتەوە.

بەڵام وەرگێڕ بەو وەسفەی کە خوێنەری دەقە، تاکە ئامانجی گواستنەوەی دەقە لە زمانی ئەسڵییەوە بۆ ئەو زمانەی کە مەبەستییەتی، بۆیە ئاستی وەرگری دەقی ئەسڵی لەگەڵ ئاستی وەرگری دەقی وەرگێڕدراو جیاواز دەکەوێتەوە. ئەوەش بۆ کۆمەڵێك پێدراو دەگەڕێتەوە کە هەر یەك لەو دوو وەرگرە دەتوانن بە بیر خۆیان بهێننەوە وەك ئامارژەکارییەکانی دەقخوازی، میکانیزمی درککردن، پەسیسەکردن... هەروەها وەرگر بەر لەوەی بکەوێتە تەئویلکردنی دەق، دەبێ ئاگاداری هەموو ئەو شتانە بێت کە دەوروبەری دەقیان تەنیووە: ژیانی نووسەر، ڕەگەزی دەق، بونیادە زمانییەکان، شێواز، ئەو هوشیارییەش یارمەتی ئەوەی دەدات کە تەجاوزی رووکارەکانی دەق بکات و بە دوای وسبەلێکراوەکانیدا بگەڕێت، هەڵبەتە گرنگیدان بەو پێدراوانە ڕەنگە یارمەتی وەرگر بدات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروست پێشوازی لە دەق بکات و نزیك بێت لە نیازی نووسەر لە ساتەوەختی نووسینی دەقی ئەسڵییەوە.

لێرەدا پێویستە ئاگاداری ئەوە بین کە خوێنەر دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانی دەق و هەر لەوێشەوە بەرهەمهێنانی پەرچەکردارە پۆزەتیفەکان، پلەکانی ئاستی وەرگر نوێ دەکاتەوە، بەمجۆرە وەرگێڕان دەبێتە خوێندنەوەیەکی نوێ کە مانای دەقی ئەسڵی لەخۆدا هەڵگرتووە، ئاوێنەیەکە وێنەیەکی دیکەی کەلتوری دەقی ئەسڵی تێدا ڕەنگدەداتەوە، دوور لە گرانی و بەد تەعبیری لە رووی ماناوە وێنەیەکی حەقیقی ئەسڵەکە دەگەیەنێت، نەك هەر نایشێوێنیت بەڵکو پارێزگاری لێدەکات و دەیخاتە بەر دەم خوێنەری نوێوە ئەو خوێنەرەی کە دەرفەتی خوێندنەوەی دەقە ئەسڵییەکەی نییە.

پرۆسەی وەرگێڕان دەبێتە کۆمەڵە لقێك کەوا لە (وەرگێڕی خوێنەر) دەکات توانای کارلێکەری و بەرهەمهێنانی مانای هەبێت، بێگومان ئەو فیکرەیە یەکێکە لە گرنگترین ئەو پرینسیپانەی کە تیۆری (وەرگر) جەختی لێدەکاتەوە، وا لە وەرگێڕ دەکات بکەوێتە ژێر حەتمیەتی پەرەپێدان و نوێکاری لە شێوازەکانی و هەروەها ڕێگەی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقەکاندا.

وەرگێڕی خوێنەر هەر تەنها وەك گوازەرەوەیەك نامێنێتەوە کە دەق لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگوازێتەوە، لە پێناو خزمەتکردن بەو خوێنەرانەی کە زمانی ئەسڵی نازانن، بەڵکو خوێنەرێکی کاراو کارامەیە و تێکەڵی هەموو بۆشاییەکانی دەق دەبێت و بەرەو دەقی وەرگێڕدراو کێشییان دەکات. وەرگێڕ بە ئەرکێکی ئاڵۆز ڕاسپێردراوە کە خۆی لە گواستنەوەی دەق لە کەلتورێکەوە بۆ کەلتورێکی دیکە هەڵدەگرێتەوە.

دەشێ ئەوەی کە لە ئەسڵ پەردە پۆش کراوە لە دەرئەنجامدا بیدۆزینەوە، لەو بارەوە (یاوس) لە وتارەکەیدا (مێژووی ئەدەبی بەو سیفەتەی کە لە رووی تیۆری ئەدەبی دەوەستێت-1970) ئاماژە بەو فیکرەیە دەکات و جەختی لێدەکاتەوەو دەڵێت کاری ئەدەبی وجودی نییە ئەو کاتە نەبێت کە خوێنەر لە فیکری خۆیدا پراکتیزەی دەکات. کەواتە پەیوەندی لە نێوان (وەرگر) و (وەرگێڕ) دیاردەیە، بەو مانایەش وەرگێڕانی حەقیقی لە هەموو کردەیەکی زمانەوانی مرۆییدا حاڵەتێکی تایبەت و پاکژە بۆ پرۆسەی بەیەکگەیشتن و وەرگر.

بەڵام لەو حاڵەتەدا لە سەر وەرگێڕ پێویستە لە کاتی تەئویلکردنی دەق فیکرەی (پردی تەئویلی) ی (یاوس) واتە ساتەوەختی تێکەڵبوونی ئاسۆی چاوەڕوانی بۆ دەق لە رابردوو لەگەڵ پێشبینیکردنی لە ئێستا بە هەند هەڵگرێت، یان ئاسۆی چاوەڕوانی بە درێژایی مێژوو لە نێوان دەقی ئەسڵی و فرە خوێندنەوە بە هەند هەڵگرێت، بۆ ئەوەی وەرگێڕانەکەی نەکەوێتە لۆژیکی مێژوویی رووت، دەبێ لە پێناو تەئویلکردنی و وەرگێڕانی بتوانێت لە رابردوو و ئێستادا بیتوێنێتەوە، وەك ئەوەی کە پرۆسەیەك بێت لە (وەرگرتن) و (بەخشین)، خوێنەر لە بری ئەوەی بێ بەش بێت لە وەرگرتنی مانای دەق بتوانێت بە شێوەیەکی باش و دروست پێشوازی لە دەقی وەرگێڕدراو بکات، چێژ لە بە یەکگەیشتنی دەق وەرگرێت، لەو جۆرە وەرگێڕانەشدا وەرگێڕ شوێنی دانەر دەگرێتەوە هەر بەو مانایەش لە بونیادی گشتی دەقدا ڕۆڵ دەگێڕێت.

ئەوەی کە تیۆری وەرگر هێنایە ناوەوە بەشدارییەکی زۆری لە پانتایی وەرگێڕاندا بینی، بەو مانایەی کە بایەخ بە گرنگی پەیوەندییە رۆشنبیریی و ژیارییەکانی نێوان گەل و نەتەوەکان دەدات، وەك چۆن دەبێتە هۆی بەرفرەوانبوون و قوڵبوونەوەی ئاسۆی مەعریفی بۆ (وەرگێڕ/خوێنەر) ئەوانەش بۆ خۆیان دەبنە جێگەی پرسیارو و بەدواداچوون لە بری ئەوەی هەر تەنها بڕیان بە نمایشکراو و ئامادەکراوەکانەوە بشکێ، دەقەکە لە پرۆسەی خوێندنەوەیەکی سەرکەوتووانەدا دەخوێنێنەوەو کارلێکەری بە هێزو جیدی لە نێوان وەرگێڕو دەق دەنێنەوە، خوێندنەوەیەك کە نکوڵی کە گران تێگەیشتن دەکات، خوێندنەوەیەك کە بە هیچ جۆرێك ناشێ و ناچێتە خانەی پەسیڤکردنی دەق و ئیستهلاککردنی دەق، بەڵکو لە رێگەی پرۆسەی تەئویلکردن و تەفسیرکردندا خزمەت بە دەق دەکات و هەوڵدەدات بە تەواوی خۆی بنوێنێ، چونکە ئەو خوێنەرەی لە رێگەی تیۆری وەرگرەوە دێتە ناوەوە، خوێنەرێکی بەرزەو دەچێتە قوڵایی دەق و نێوان دێرەکان دەخوێنێتەوە، ئەوەش یارمەتی ئەوەی دەدات کە چارەسەری ئەو گیروگرفتانە بکات کە دەکەونە سەر رێگەی (خوێنەر/وەرگێر)ەوە، وەك ئەوەی ئەو بۆشاییانە کۆمەڵێك دەلالەت بن سەرسامی وەرگێڕ رەشدەکەنەوەو یارمەتی دەدەن، تا بە مەعریفەی نیازی دانەری ئەسڵی بگات، نەك هێندە بەڵکو زۆرتر لێی نزیك دەکەونەوە، دواجار وای لێدەکەن وەرگێرانێك بخاتەوە وەك مانا لەگەڵ دەقی ئەسڵی هاورێك بێتەوە.

ئەگەر بمانەوێت لە رێگەی کردەی وەرگێڕانەوە پێکهاتەکانی تیۆری وەرگر بە شێوەیەکی کردەیی بەکار بەرین بۆ ئەوەی ئەنجامێکی کردەیی بە دەست بهێنین پێویستە لە سەر وەرگێڕ هەوڵی خوێندنەوەی دەق بدات و راڤەی بکات و بە دوای جەوهەرەکەیدا بگەرێت، بەدەر لەوەی خۆی بە رووکار خەریك بکات، دواجار ئەو هاوکێشەیە پراکتیزە بکات کە پێشڕەوەکانی تیۆری (وەرگر) وەك رێسای پرنسیبەکەیان دایانناوە.

## خوێنەری دەق، نووسەرە

هاوکێشەی (خوێنەر/وەرگێڕ) دەسەڵاتی رەها لە دەقەوە بۆ خوێنەری نوێ دەگوازێتەوە. لە راستیدا تیۆری وەرگر جگە لە جەختکردن لە لێپرسراوێتی خوێنەر شتێکی دیکە نییە، ئەوەش دەخەینەوە بیر کە وەرگێڕ بەو مانایەی کە وەرگرە لە هەموو ناپاکییەکان یان بەدحاڵیبوونەکان دوور دەکەوێتەوە، نەك هەر بەرامبەر دەقی ئەسڵی دەستپاك تەماشا دەکرێت، بەڵکو بۆ ئەو دەقەی کە ئامانجیشە بە هەمان شێوە سەیر دەکرێت، ئەوەش بە لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندییەکانی زمانی دەقی ئەسڵی دێتە ئاراوە، لە رێگەی توانەوە لە نێو دەق و لە رێگەی ئەزموونی جوانکارییەوە، هەروەها لە رێگەی دروستکردنی هاوگونجان لە نێوان ئاسۆ و ئاسۆی پێشبینیکردنی تایبەت بەو، بەو مانایەش لە پێناو گەیشتن بە بونیادی ئەو مانایەی کە نووسەری ئەسڵی دەیخوازێت، گفتوگۆ بنەڕەتی پرسیارو وەڵامە.

دواجار جێکەوتە جوانکاری بەو مانایەیە کە پەرچەکردار لە بەرامبەر دەقێك دەوروژێنن، دەقێك کە کارلێکەری (خوێنەر/وەرگێڕ) لەگەڵ دەقەکەی و تێگەیشتنی و تەئویلکردنی مانا رووکارو داپۆشراوەکانی تێدا رەنگدەداتەوە.

لەو خاڵەوە گرنگی تیۆری وەرگر و پەیوەندی پتەوی بە وەرگێڕان دەردەکەوێت، نەك هەر هێندە بەڵکو هەموو ئەو بایەخەی کە تیۆری وەرگر لەگەڵ خۆی هێناویەتی، پرۆسەی وەرگێران بۆ فیکرە نوێیەکانی خۆی بەکاریان دەهێنێت.

---------------------------


سەرچاوە:

بڕوانە ئینتەرنێت پێگەی محەمەد ئەسلیم لە نووسینی

ن. مجاهیدی (2006/10/17) .